

# کاتێک کیبۆرد دەبێتە ئامرازێکی سیخوڕی

کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکانی کۆمپیوتەر و گرنگترین ئامرازی پێوەندی نێوان بەکارهێنەر و کۆمپیوتەر، کیبۆردی کۆمپیوتەر هیچ تەکنۆلۆژییەکی گرنگی تێدا نییە، جگە لەوەی دوگمەی کاراکتەرەکانی لەسەرن. بەڵام لەم دواییانەدا ئامێرێکی بچووك دروستکراوە کە لە کیبۆردی کۆمپیوتەر دەخرێ، ئەو پارچە بچووکە لە زانکۆ و ئیدارەکان، کۆفی نێت و هوتێل و..تاد بەرچاو دەکەوێت. پارچە بچووکەکە لە کۆتایی کێبڵی کیبۆرد دەخرێت، بەهۆیەوە دەزانرێت کە چ دوگمەیەك لێدراوە و چ تایپ کراوە، گشت ئەو دوگمانەی لێدراون لەخۆیدا خەزن دەکات. هەربۆیە لەو شوێنە گرنگانەی کە وەك ئاماژەمان پێدان بەتەواوی دڵنیابن کە ئایا کیبۆردەکە ئەو پارچە ئامرازەی پێوەیە یان نا. دیارە سیخوڕی کردن هەر بەو پارچەیە ناکرێت بگرە گەلێك پرۆگرامی تایبەتیش هەن بۆ دزینی زانیارییەکان، بەڵام ئەوەیان تەنیا ئاگادار کردنەوەیەکە.

## بلوتووسێک تەنیا بە جووڵە و ئاماژە وەڵام دەداتەوە



بلوتوس بەو سیستەمە وەرگرە دەگوترێ کە لە مەودایەکی کەمدا دوو ئامێر پێکەوە دەبەستێتەوە و لەنێوان ئەو ئامێرانەدا دەکرێت زانیاری و داتاکان بگوازرێنەوە. هێدستی بلۆتوس بەو ئامێرە دەگوترێ کە لەگەڵ مۆبایل پێوەند دەدرێ تاکو بەکارهێنەر لەو کاتانەی کە بە کارێکی وەك شۆفێری یان ئەرکێکی دیکەی لەم چەشنەوە خەریکە بەهۆی پێوەندییەکەوە کارەکەی گرفتی تێنەکەوێ و هەر لە رێگەی هێدستی بلوتوسەوە وەڵامی پێوەندییەکان بداتەوە.

کۆمپانیایەك لەم دواییانەدا هێدستێکی بەرهەم هێناوە کە بە هێدستی جۆری Jawbone era ناسراوە، جیاوازی ئەو هێدستە لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوەدایە کە دەکرێ تەنیا بە جووڵە فەرمانەکانی جێبەجێ بکەی. بۆ نموونە بۆ وەڵامدانەوەی پێوەندییەکان تەنیا دووجار پەنجە لەسەر بلوتوسەکە دابنێ. بۆ کۆتایی هێنان بە پێوەندیش هەر ئەوە بکە. بۆ پێوەندی پچڕاندن و دامەزراندن لەگەڵ مۆبایل هەرئەوەندە بەسە کە هێدستەکە بجوڵێنی. کاراییەکی تایبەت کە لەو هێدستەدا هەیە ئەوەیە کە یەکێك پێوەندیتان پێوە بکا و ناوەکەی لەناو مۆبایلەکەدا خەزن بێت، ناوی پێوەندیکەرەکە دەڵێت، بەڵام نەك بەشێوەی کۆمپیوتەر، بەڵکو وەك مرۆڤێك بەبێ گرفت ناوەکە دەڵێت، چونکە کۆمپانیاکە بۆ ئەم مەبەستە لە دەنگی ئافرەتێك سوودی وەرگرتووە.

# کەیسی کۆمپیوتەریش شاشەی هەیە

کەیسی کۆمپیوتەر، واتە ئەو چوارچێوەیەی کە پارچە گرنگەکانی کۆمپیوتەری تێدا جێگیرکراوە وەك مەزەلبۆرد و کارتی شاشە و پاوەر و رام و..تاد. دیارە کەیسی کۆمپیوتەر تەنیا بۆ کۆمپیوتەری سەر مێزە واتە -des top ئەگینا کۆمپیوتەری لاپتۆپ و سیستەمی سەرمێزی ماکنتۆشیش



گشت پارچەکانی لە پاڵ یەکدان.

لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك کەیسێکی کۆمپیوتەری بەرهەم هێنا کە کەیسەکە شاشەیەکی تایبەتی لەگەڵ خۆیدایە، کەیسی جۆری Dual screen pc cace ئەو کۆمپیوتەرەیە کە لە پیشانگای ساڵانەی CES ئەمساڵدا نیشاندرا. لەو شاشەیە کە لە کەیسەکەدایە دەتوانی بەشێك لەو پرۆگرامانەی ببینی کە لە سەر شاشە سەرەکییەکەن، وەك کاتژمێر و شریتی پرۆگرامەکان. بوونی شاشەیەك بۆ ئەو کەیسە هیچ سوودێك بە کارایی کۆمپیوتەر ناگەیەنێ، تەنیا ئەوەیان نەبێ داهێنانێکی نوێ و سەرنجڕاکێشە.

# کامێرایەک بە دیزاینێکی تایبەت و شاشەیەکی شەفافەوە




داهێنانـــی کامێـــرای وێنەگـــری دیجیتالی گۆڕانکارییەکـــی گـــەورەی لـــە جیهانی وێنەگریدا پێکهێنا. کامێرایەکی دیجیتالی تایبـــەت کە بە کامێـــرای جۆری REC ناســـراوە، زۆر لە کامێراکانی دیکە جیاوازە. جیاوازییەکـــەش زیاتر لە شاشـــەکەیدایە کە شـــەفاف و روونە و دەکرێت وەك جامێکی روون ئەودیوی شاشەکە ببینی.

## مەچەکبەندێک ئامێرە دیجیتالیەکان شەحن دەکاتەوە




کۆمپانیایەکی چینی مەچەکبەندێکی تایبەتـــی بەرهەم هێنـــاوە کە دەتوانێ وزەی پێویست بۆ گشت ئامێرە ئەلکترۆنییە دیجیتالییەکان دابین بکات. ئەو مەچەکبەندە کە بـــە -Wrist Band Portable Ba tery ناسراوە لەلایەن کۆمپانیای ”china wizen“ بەرهەم هاتووە. هەروەك لە وێنەکە رادیارە مەچەکبەندەکە چەندین ئامێری دیجیتالـــی بچووك وەك مۆبایـــل، کامێرا، MP3، ئای پۆد و گەیمەر...تاد دەتوانێ شـــەحن بکاتەوە. تەنانەت ئەو ئامێرە ئەو کاتەی کە لە کارەباشدا نییە دەتوانی ئەو ئامێرانە پێکەوە شەحن بکاتەوە. بەڵام پێویســـتە لەسەرەتادا 5 کاتژمێر شەحن بکرێتەوە. ئەو کات دەکرێ ئامێرە دیجیتالییەکان شەحن بکاتەوە.

## سپیکەرێکی بچووک و سەرنجڕاکێش بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا

لەم ســـەردەمەدا دەبێ هەموو رۆژێ گوێبیستی هەواڵێکی نوێ لەبارەی داهێنانی نوێ لە جیهانی تەکنۆلۆژیادا بین، لەم دواییانەدا کامێرایەکی نوێ بەناوی spider pocket کەوتە بازاڕەوە کە دیزانێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و بەهۆی بچووکی و کێشـــی کەمی دەکرێ بەکارهێنەر بۆ هەموو شوێنێکی بەرێت.




سپیکەرەکە لەجۆری وایەرلەیسە و شەحن دەبێتەوە لە هەر شەحن کردنەوەیەکـــدا چەندیـــن کاتژمێـــر دەخایەنـــێ تـــا شـــەحنەکەی دادەبەزێ. دەتوانرێ هەتـــا 8 کاتژمێر مۆسیقا گوێی لێ بگرێ و دانەبەزێت. جگە لەوەش دەکرێ راستەوخۆ بە فلاش میمـــۆری فایلـــی مۆســـیقی دەخرێتە سەر. هەروەها دەتوانێت مۆبایلی پێ شەحن بکرێتەوە.




# سامسۆنگ مۆنیتۆرێکی نوێی کۆمپیوتەر دادەهێنێ

هەر کە بۆ یەمەکجار ئەو شاشە واتە مۆنیتۆرەی کۆمپیوتەر دەبینی سەرنجت بۆلای خۆی رادەکێشێ، چونکە دیزاینی شاشەکە گەلێك لە شاشەکانی دیکە جیاوازە. جیاوازی شاشەکە هەر لە دیزاینەکەیدا نییە، بگرە لە کارکردەکەشیدایە، شاشەکە دەتوانێ وێنەکانی دوو رەهەندی بکاتە سێ رەهەندی کە ئێستا جیهان بەرەو ئامێری دیجیتالی سێ رەهەندی دەڕوات. کوالیتی شاشەکە 1920 لە 1080دایە. جگە لەوەش مۆنیتۆرەکە بەس، مۆنیتۆری کۆمپیوتەر نییە بگرە وەك تەلەڤزیۆنێکی HDیش رۆڵی خۆی دەبینێ. هەم دەتوانی یاری سێ رەهەندی پێ سەیر بکەی و هەم فیلمی سێ رەهەندی. شاشەکە دوو مۆدێلی لێ بەرهەم هاتووە 23 ئینجی و 27 ئینجی. جگە لەوەی ئامێریکی هەستیار لەو شاشەیەدا هەیە کە گەر هەست بەوە بکات هیچ کەس سەیری ناکات، دوای ماوەیەك دەکوژێتەوە.

# پرۆگرامێک بۆ پاراستنی فلاش میمۆری لە سڕینەوە و دزرانی فایلەکان

فلاش میمۆری و هەروەها هاردی دەرەکی واتە ئەو هاردانەی کە بچووکن و راگواستنیان ئاسانە، دوو ئامێرن بۆ پاراستن و راگرتنی داتا و فایلە شەخسییەکانتان. هیچ کاتێك داتا و فایلە گرنگەکانتان لەسەر CD،DVD خەزن مەکەن، چونکە هەم ئەگەری تێکچوونیان زۆرە و هەم بۆ ماوەیەکی زۆر داتاکان لەخۆیاندا راناگرن. CD،DVD لە هەر هەلومەرجێکدابێ داتاکان دەتوانن تا 5 ساڵ و لە هەندێکیشیاندا تاکو 10 ساڵ رادەگرن، ئەویش ئەگەر شوێنکە زۆر گونجاو بێ و دوور بێ لە گەرما و سەرما و شێ. بەڵام فلاش میمۆری و هاردی گوازراو لەم چەشنە نین، گەر یەکێك نیازی هەبێت زانیاری سەر هاردەکە یان فلاشەکە بدزێت لەکاتێکی وادا باشترین چارە ئەوەیە کە پرۆگرامی Odin U Disk Encrypt Creator بەکار بێنن. ئەو پرۆگرامە زۆر بە ئاسانی زانیاریەکانتان لەسەر فلاش میمۆری یان هارد بۆ دەپارێزێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە کەس ناتوانێ دزە بکاتە ناو زانیارییەکانت، چونکە پاسوۆرد واتە وشەی نهێنی دەخاتە سەر فلاش میمۆری یان هاردەکەت. هەروەها گەر فلاشەکەت یان هاردەکەت بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکەش بەری کە ئەو پرۆگرامەی لەسەر نەبێ، هیچ گرفت نییە، چونکە بەبێ پرۆگرامەکە تەنیا بە لێدانی وشەی نهێنییەکە دەکرێتەوە.





# ئاوێنەش بەرەو جیهانی دیجیتالی رۆیشت

رەنگە ئەو هەواڵە تارادەیەك جێگەی سەرسوڕمان بێت، ئاخر ئاوێنە چ تەکنۆلۆژیایەکی پێویستە؟ ئاوێنە یانی پارچە جامێك کە وێنەی خۆتی تێدا ببینی و بەس، ئیدی ئاوێنە و دیجتالی؟! بەڵام پێدەچێ مرۆڤ بە جۆرێك بەرەو جیهانی دیجیتالی هەنگاوی نابێ کە گشت هەڵسوکەوتێکی لە داهاتوودا ببێتە دیجیتالی. کۆمپانیایەکی ژاپۆنی جۆرە ئاوێنەیەکی بەرهەم هێناوە کە سەرەڕای ئەرکی سەرەکی خۆی کە نیشاندانە، گەرماو تینی لەشیشتان دەپێوێ بۆ ئەوەی کە بزانن لەبارەی تەندروستییەوە لە چ حاڵێکدان؟ ئاوێنەکە کە بە Thermo ناسراوە بەهۆی هەستگەرێکی تیشکی سەرووی سوور دەتوانێ تینی لەشت بزانێ و لە مەودای 30 سم، ئۆتۆماتیکی گشت لایەنەکانت نیشان دەدات. گەر لەباری تەندروستییەوە باش نەبووی، واتا ”تا“ت هەبوو، ئاوێنەکە جەرەسێك لێدەدات. گەر کەسێکیش لە پەنای ئاوێنەکە نەبوو ئەوە وەك رۆژ ژمێرێك و کاتژمێرێکی دیجیتالی وایە و هەروەها رادەی شێی ژوور و چۆنییەتی گەرمی و ساردی ژوورەکە رادەگەیەنێ.




کۆمپیوتەری جۆری دیسـکتۆپ یەکێك لە گرفتەکانی ئەوەیە کە کەیسەکەی جیاوازە لە شاشـەکەی، واتە کەیسی کۆمپیوتەر کە پارچە گرنگەکانی کۆمپیوتەری لەخۆ گرتووە وەك بەشـێکی جیا لە شاشەکەیە. جگە لەوەش پارچەکانی دیکە وەك کیبۆرد و سپیکەر و ماوسـیش بەجیان و بە کێبلێك پێوەندییان بە کۆمپیوتەرەوە هەیە. لە سیسـتەمی Mac دا هەر لەسـەرەتاوە کەیس و شاشـە یەك پارچەی لێك جیا نەکراوەبوونە. لەم دواییانەدا کۆمپیوتـەری جۆری All in one واتە گشـتیان لە یەك پارچەدا، هاتنە بەرهەم کە وەك سیستەمی ماکنتۆش دەچێت. دەکرێ بڵێین ئەو جۆرە کۆمپیوتەرانە بەهۆی ئەوەی گشـت پارچەکانیان یەك پارچەن، باشترین جۆری کۆمپیوتەرن. خاڵی گرنگ لەو کۆمپیوتەرانەدا ئەوەیە کە وزەی زۆر کەمیان دەوێت. بەهۆی یەك پارچەبوونیشیان کۆمپیوتەرەکە خێرایی باشترە و درەنگتر تێکدەچن.

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی گشت فۆرماتەکان بەیەکتر



پرۆگرامـی GOM Encoder ناوی ئەو پرۆگرامەیە کە بۆ گۆڕینی گشـت فۆرماتـەکان بەیەکتر، جا فۆرماتەکان دەنگی بین یـان ڤیدیۆیی سـوودی لێوەردەگیـرێ. گرفتێك کـە لە جۆراوجـۆری فۆرماتەکاندا هەیە ئەوەیـە کە پرۆگرامە جۆراوجۆرەکان گشـت فۆرماتـەکان ناخوێننەوە، بۆیە پێویسـتە فۆرماتەکان بۆ فۆرماتی مەبەسـت بگۆڕدرێت. ئەو پرۆگرامە کە لەگەڵ ئەوەشدا قەوارەکەی بچووکە و شوێنێکی زۆر لە کۆمپیوتەردا ناگـرێ. توانایەکی گرنگ کە لەو پرۆگرامـەدا هەیە ئەوەیە کە دەکرێ بەهۆیەوە ژێرنووسی فیلمەکان دابندرێ.

## حەزدەکەی باخێکی جوان و رازاوە دروست بکەی




لە فایلی ITدا هەمیشـە هەوڵ دراوە بە گوێرەی پێویسـت باس لە یارییەك بکرێ، چونکە یاری ئەلکترۆنی بەشـێکە لە ژیانی دیجیتالی ئەم سـەردەمە. یاری ئەلکترۆنی جیاوازی لەگـەڵ یاری دیکە ئەوەیە کـە یاری کردن تەنیا تایبەت نییە بـە تەمەنێکی تایبەت، هەرچەندە لە وڵاتی ئێمەدا رەنگـە ئەو کەلتوورە دانەهاتبێت کـە گەورەکانمان یاری بکەن، بەڵام لەراستیدا هەندێك یاری هەن کە تەنیا هی گەورەکانن. بەڵام ئێمە لەو فایلەدا هەمیشـە هەوڵ دەدەین کـە چەند یارییەکی بچووك و سـەرنجڕاکێش باس بکەین کە وەرگرتنیان لە ئینتەرنێت بە خۆڕایی بێت، یـاری ئەمجارەمان یاری Geisha the secret gardenە. بە مانای "گیشا باخێکی شـاراوە" دێت. یارییەکە تەنیا بە ماوس دەکرێت و زۆریش سـەخت نییە. بەڵام پێویسـت بە خێراییە. باخەوانەکە دەبێت بە زوویی ئیمتیازی زۆرتر بەدەسـت بێنێ تا لە سوپەرمارکێتەکان زیاتر شت بکرێت. لەو یارییەدا مۆسیقایەکی تایبەت بە یارییەکەش هەیە. یارییەکە 80 قۆناغە، کە لە چوار وەرزی ساڵدا روو دەدەن واتە باخەکە هەر چوار وەرزی بەسەردادێت، 48 جۆر گیا و داری تێدایە.